جامی ئاسیا.. ژاپۆن لە بەحرەینی بردەوە و گەیشتە چارەکی کۆتایی

لە جامی ئاسیا ژاپۆن بە سێ گۆڵ بەرامبەر گۆڵێک لە بەحرەینی بردەوە و گەیشتە چارەکی کۆتایی.

لە یاریەکانی قۆناغی 16ی جامی ئاسیا، هەبژاردەی ژاپۆن رووبەڕووی هەبژاردەی بەحرەین بووەوە.

لە گەمی یەکەمدا و لە خولەکی 31 ریستە دوان گۆیکی بە ژاپۆن تەمارکرد وبەو گۆڵە گەمەکە کۆتاییهات.

لە گەمی دووەمدا و لە خولەکی 49 تاکیفسا کوبە گۆڵی دووەمی ژاپۆنی کرد و لە خولەکی 64 سوزەکی بە هۆی لە خەیان گۆڵێکی بە بەحرەین کرد بەڵام لە خولەکی 72 ئەیدا ژاپۆنی کردن خاوەنی گۆڵی سێیەم، سەرئەنجام یاریەکەیان بە ئەنجامی سێ گۆڵ بەرامبەر گۆڵێک بردەوە.

بەو ئەنجامە، هەبژاردەی ژاپۆن گەیشتە قۆناغی چارەکی کۆتایی جامەکە و بەحرەین ماڵئاوایکرد.